# ساز کردنی ماڵپەڕ بە شێوەیەکی زۆر ساکار


لە ماوەی چەند دەیەقەدا ماڵپەڕێک بۆ خۆت ساز بکە.

ئێستا ئیتر ساز کردنی ماڵپەڕ نە سەختە و نە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە. لە ژێرەوە دەبینی کە چۆن قۆناغ بە قۆناغ بە هاسانی دەتوانی ماڵپەڕێک بۆ خۆت ساز بکەی، بە بێ ئەوەی هیچ لە بنەڕەتەکەی، واتا .html بزانی. ئەو پرۆگرامە کە ئەم کارە دەکا ناوی Actual Drawing ە و لە ناونیشانی http://download.com دا دەتوانی وەدەستی بێنی.

قۆناخی ١

ئەگەر پێت خۆشە، دەتوانی واز لەو لاپەڕە ئامادانەی کە پرۆگرامەکە بۆ خۆی سازی کردوون بێنی، تاکوو کارەکەت هاسانتر بێتەوە. بەڵام ئێمە پێمان خۆشە بە لاپەڕەیەکی چۆڵ دەست پێ بکەین.

بە مشکەکە کرتێک لەسەر فایل File لە پرۆگرامەکەدا بکە و لە ژێرەوە NEW هەڵبژێرە و پاشان Modify هەڵبژێرە و کرتێکیتر لەسەر Pega Propeties بکە. لێرەدا دەبێ چەند شوێن پڕ بکەیەوە، لە پێشدا ناوێک بۆ ماڵپەڕەکەت دابنێ و ئەم کارەش لە بەشی Generalدا دەکەی. پاشان ڕەنگی ماڵپەڕەکە دیاری بکە، ئەمەش لە بەشی Backgrund دا دەکەی. من ڕەنگێک هەڵدەبژێرم کە بە ڕەنگی شین دەست پێ بکا و بڕوات بە نێو ڕەنگی سەوز دا و کەم کەم بە سەوزێکی کاڵتر کۆتایی پێ بێ. کە ئەم کارەشمان کرد، کرت (کلیک) لە سەر Ok دەکەین.




## قۆناخی ٢

ئێستا دەمانهەوێ سەردێرێک بۆ ماڵپەڕەکە دابنێین، بۆ ئەم کارەش کرت لە سەر Insert لە نێو فایلەکانی سەرەوەدا دەکەین و لەوێشدا Artistic Text هەڵدبژێرین. لە شوێنێکی لاپەڕەکەدا دوکمەی لای چەپی مشکەکە دادەگرین و ڕایدەکێشین تاکوو چوارخانەیەکی بەقەد نووسراوەکەمان بۆ دەکرێتەوە، دیارە پاشانیش دەکرێ قەوارەی چوارخانەکە گەورە و چووکە بکرێتەوە. کە سەردێڕەکەمان نووسی، ئەندازە و ڕەنگەکەشی لە فایلەکانی سەرەوەدا بە دڵخوازی خۆمان هەڵدەبژێرین.





## قۆناخی ٣

ئەگەر پێت خۆشە سێبەرێکی جوان بۆ نووسراوەکەت دروست بکەی، تەخت (باک گراوند)ی نووسراوەکە بکە بە ڕەنگی بۆر، بۆ ئەوەی جوانتر دەرچێ. جارێکی دیکە لەسەر چوارچێوەی نووسراوەکە کرت بکە و برۆ بۆ Properties Laywr 1 کە لە لای ڕاستەوە لە پانێلێک دا پیشان دەدرێ. بەشی Main دا Transparent دیاری بکە و پاشان بچۆ بۆ بەشی Shadow لێرەشدا Enaled Shadow دیاری بکە، بۆ ئەوەی بریار لە سەر شێوە و قەوارەی سێبەرەکە بدەی.




## قۆناخی ٤

بلەی داهاتوو ئەوەیە کە وێنەیەکی جوان نێنیە نێو لاپەڕەکەت، بۆ ئەم کارەش کرت لەسەر Insert لە فایلە سەرەکیەکانی سەرەوەدا بکە و Image هەڵبژێرە. بگەڕێ بۆ وێنەکەت و دوای پەیدا کردن و هەڵبژاردنی، کرت لەسەر Ok بکە. کە وێنەکە هاتە نێو لاپەڕەکەت، دەتوانی کرتێک لەسەر وێنەکە بکەی و بگوازیتەوە بۆ شوێنی دڵخوازی خۆت.




## قۆناخی ٥

بۆ ئەوەی نووسراوەی ئاسایی لە نێو لاپەڕەکەتدا بنووسی دەبێ بڕۆیتەوە بۆ نێو فایلە سەرەکیەکانی سەروە و لەوێدا لە ژێر فایلی Insert دا Text Paragraph هەڵدبژێری و ئەوجار هەر وەک چۆن لە قۆناخی ٢ دا چوارچێوەیەکت بە مشکەکە چاک کرد، لێرەشدا هەمان کار دەکەی و نووسراوەکەت دەنووسی و هەر وەک پێشوو لە فایلەکانی سەروەدا قەوارە و ڕەنگەکەشی دیاری دەکەی.





## قۆناخی ٦

ئەگەر پێت خۆشە، نووسراوەیەک گرێ (Link) بدەی بە ماڵپەڕێکی دیکەوە، یان بە ئادرەسێکی ئەلکترونیکی یەوە، نووسراوەکە دیاری بکە و کرت لە سەر Modify بکە و پاشان Link هەڵبژێرە و دوایی بڕیار لە سەر جۆری لینکەکەت بدە و لە کۆتایشدا ناونیشانی شوێنەکە نووسە.




## قۆناخی ٧

بۆ ئەوەی ماڵپەڕەکەت بڵاو بکەیەوە دەبێ کلیک لەسەر File بکەی و Export to HTML file هەڵبژێری. ماڵپەڕەکەت ناوبنێ، بەڵام دەبێ زۆر ئاگادار بی کە دەبێ لە کۆتایی ناوەکەوە (html.) htm. بمێنێتەوە. واتە دەبێ بە شێوەی html. ماڵپەڕەکەت تۆمار بکەی. دوای ئەم کارە فایلی Publish to FTP server هەڵدەبژێرە و کرت لە سەر Ok دەکەی. لە کۆتایدا زانیاری لەسەر کۆد و ناونیشانی ماڵەکەت لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت دەنووسی و بەڕێی دەکەی.




سەرچاوە: گۆڤاری مانگانەی PC hemma ژمارەی ٨ی ساڵی ٢٠٠٢.

وەرگێڕانی: حامید درودی.

ڕێکەوت: ٢٠٠٢/٨/٥